السنّة النبوية وعلومها
www.sunnah.global

# من له لای کانیاوەکەم -حەوزەکەم- بۆ ئەوەی ببینم کێ له ئێوه دێت بۆ لام، خەڵکانێک ڕێگریان لێدەکرێت بگەنه لای من، دەڵێم: ئەی پەروەردگار شوێنکەوتووی منن وله ئومەتەکەی منن

له ئەسمائی کچی ئەبی بەکرەوه -ڕەزای خوایان لێبێت- که پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «من له لای کانیاوەکەم -حەوزەکەم- بۆ ئەوەی ببینم کێ له ئێوه دێت بۆ لام، خەڵکانێک ڕێگریان لێدەکرێت بگەنه لای من، دەڵێم: ئەی پەروەردگار شوێنکەوتووی منن وله ئومەتەکەی منن، دەووترێت: ئایا دەزانیت له پاش تۆ چیان کردووه؟ والله بەردەوام دەگەڕێنەوه لەسەر پاژنەی پێیان (هەڵدەگەڕێنەوه:مورتەد دەبن)».
[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ئەوەمان بۆ ڕووندەکاتەوه که لەڕۆژی قیامەتدا لەسەر کانیاوەکەی دەبێت بۆئەوەی چاوەڕوانی ئەوانه بێت که دێن له ئومەتەکەی بۆ لای ئەو لەسەر کانیاوەکە، وخەڵکانێک ڕێگریان لێدەکرێت بچن بۆ لای کاتێک نزیک دەبنەوه لێی -صلى الله عليه وسلم-، ئەویش دەفەرموێت: ئەی پەروەردگار شوێنکەوتووی منن وله ئومەتی منن، دەوترێت: ئایا زانیت چیان کرد لەپاش ئەوەی تۆ جێت هێشت، والله ئەوان بەردەوام بەرەو دوواوه دەڕۆشتن وهەڵدەگەڕانەوه لەئاینەکەیان، نه ئەوان شوێنکەوتووی تۆن، ونه له ئومەتی تۆن.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/65031

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee